
لەپاریسەوە
بۆ تەیراوە
ئاسۆ حاجی

# لەپاریسەوە بۆ تەیراوە

ئاسۆ حاجی

2020

چاپی یەکەم
2719ی کوردی  2020ی زایینی
ناونیشان: هەولێر، باشووری کوردستان
لە بڵاوکراوەکانی: تۆڕی میدیایی رووداو
مافی چاپکردنەوەو لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە بۆ تۆڕی میدیایی رووداو
ژمارەی سپاردنی لەکتێبخانەی گشتی هەرێمی کوردستان (            ساڵی 2020 )ی بۆ تەرخانکراوە.
چاپخانەی رۆژهەڵات - هەولێر

Rudaw Media Network
تۆڕی میدیایی رووداو

## یەکەم وێستگە:

ساڵی 2010 بۆ ئەنجامدانی هەڤپەیڤینێکی تەلەڤزیۆنی لە هەولێرەوە بەرەو پاریس وەڕێکەوتم، هەڤپەیڤینەکە بۆ من و دەزگاکەشم (دەزگای سەتەلایتی کوردستان) و تێکڕای میدیای کوردستانی زۆر گرنگبوو، بۆ یەکەمجاربوو رۆژنامەڤانێکی کوردستانی کە نەهەڵگری پاسەپۆرتێکی بیانی و نەخاوەنی وڵاتینامەی ئەوروپی بێت دەرفەتی بۆ دروستبێ هەڤپەیڤین لەگەڵ وەزیری دەرەوەی یەکێك لە وڵاتە زلهێزەکانی دونیا ئەنجامبدات.

ئەو هەڤپەیڤینە تەلەڤزیۆنییە لەگەڵ بێرنارد کۆشنێری وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بوو، نە وەرگرتنی ژووان و نە رازیبوونی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام هاوکاری و پێداگری یەکەمین کۆنسلی گشتی کۆماری فەرەنسا لە هەولێر دکتۆر فرێدریك تیسۆ رۆڵی هەبوو لە رێکخستنی هەڤپەیڤینەکە و قایلکردنی دکتۆر کۆشنێر تاوەکو قسە بۆ کەناڵێکی کوردستانی و بە ناوی کوردستان و سەبارەت ئەزموونی خۆی لەگەڵ گەلی کوردستان و شۆڕشەکەی بکات کە ئەو پەیوەندییەی بۆ سەرەتاکانی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، کە کۆشنێر بۆ یەکەمجار سەردانی کوردستانی کردووە و چاوی بە مەلا مستەفا بارزانی کەوتووە.

دۆستایەتی نێوان دکتۆر تیسۆ و دکتۆر کۆشنێر کە بۆ سەرەتای هەشتاکانی سەتەی بیستەم دەگەڕێتەوە کاتێك پێکەوە لە دامەزراندنی رێکخراوی (پزیشکانی بێسنوور) کاردەکەن و دواتریش سەردانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن و وەك پزیشك تێکەڵی ژیانی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان دەبن و زیاتر بە کوردستان و پرسەکەی گرێدەدرێن بۆ ئەوەش د.عەبدولرەحمان قاسملو سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران رۆڵی گرنگ و کاریگەری هەبووە تاوەکو ئەو رادەیەی جارێکیان دکتۆر فریدریك تیسۆ گوتی ئەو مامۆستای مێژوو و رێنیشاندەرم بووە، ئەو پەیوەندییە تایبەتەی دکتۆر تیسۆ و دکتۆر کۆشنێر هەروەها دۆستایەتی و خۆشەویستی بێرنارد کۆشنێر بۆ کوردستان و گەلی کوردستان و مانەوەی کاریگەری بیرەوەرییەکانی لەگەڵ پێشمەرگە و بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لەسەر ژیانی دکتۆر کۆشنێر ئەو کەلێنە بوو کە ئێمە تێیدا چووینە ژوورێ و کەلکمان لێیوەرگرت بۆ

وەرگرتنی کات و ئەنجامدانی هەڤپەیڤینێکی تەلەڤزیۆنی کە نزیکەی چل خولەك بوو لەنێو باڵەخانەی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا. بێرنارد کۆشنێر و دکتۆر تیسۆ خۆیان بە قوتابی مەدام میتێران دادەنا و ئەویشیان بە "دایکی کوردان" بانگ دەکرد، هەرچەندە بێرنارد کۆشنێر بەر لە مەدام میتێران بە پرسی کورد و بزاڤە شۆڕشگێڕییەکەی ئاشنا ببوو، بەڵام ئەوی وەك ئیلهامبەخش و هێزێکی شاراوەی ئەرێنی وەسفدەکرد کە خەڵکی بۆ دۆستایەتی گەلی کوردستان هاندەدا. مەدام میتێران لە هەموو هەنگاوەکانیان پشتیوانی لەو پزیشکانە کردووە چ کاتێك بە ئەرکی پزیشکی لە کوردستان بوون یان دواتر کە وەك سیاسی لەو ئەرکەدا بەردەوام بوون.

بێڕنارد کۆشنێر بۆی باسکردم لە راپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 کاتێك کۆڕەو روویدا و زیاتر لە ملیۆنێك مرۆڤی کوردستانی لە دۆخێکی ئەوپەڕی خراپی مرۆیی لەسەر سنوورەکانی ئێران و تورکیا لە ترسی سوپای عێراق گیریان خوارد بوو، مەدام میتێران رۆڵی سەرەکی هەبوو لە هاندانی سەرۆکی کۆچکردوو (فرانسوا میتێران) کە بە وڵاتانی ئەندام لە ئەنجوومەنی ئاسایش و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڵێ:" ئەگەر ئێوە بەشدار دەبن باشە ئەگەرنا خۆم و سوپاکەم بە هانای گەلی کوردستانەوە دەچین و ئەو گەلە لە لەنێوبردن دەپارێزین". گوتی ئەو هاوارەی سەرۆك میتێران هۆکاری دەرچوونی بڕیاری 688 ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بوو کە "ناوچەی نەفڕین" و ئارامی بۆ خەڵکی کوردستان دروستکرد. دکتۆر کۆشنێر ئەوەشی باسکرد کاتێك مەدام میتێران کە دکتۆر تیسۆ هاوڕێیەتی دەکرد و لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە چووە نێو خاکی باشوری کوردستان، سەرەڕای هەوڵی ئەو ئەفسەرە ئێرانییەی کە یاوەری دەکرد بەوەی کە ناتوانێ ئەو سنوورە نێودەوڵەتییە (سنووری ئێران –عێراق) ببەزێنێ و مەدام میتێران وەڵامی دابووەوە کە ئەو هیچ سنوورێك نابینێت. لە دوای پەڕینەوەی بۆ دەڤەری حاجی ئۆمەران لەگەڵ سەرۆك بارزانی کۆدەبێتەوە، ئەوکات من لەنێو یەکەمین فڕۆکە بووم کە هاوکاری بەسەر خەڵکی ئاوارە لە چیاکان فڕێدەدایە خوارەوە، بێگومان ئەوە لەسەر راسپاردەی مەدام میتێران بوو.

## باڵیۆزخانەی کوردستان لە پاریس:



لە پاریس بۆ هەر لایەك بچی و بە دوای هەر شتێکدا بچی کە پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت، بێ ئەملا ئەولا دەتباتەوە بەر دەرگای ئەنستیتۆتی کوردی لە پاریس کە لەسەرەتای سالانی هەشتاکانەوە دامەزراوە و بارتەقای ئەرك و کاری کولتووری لەڕووی سیاسیشەوە خزمەتی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستانی کردووە لە هەر چوار پارچەی کوردستان. لە دوای هەڤپەیڤینەکەم لەگەڵ بێرنارد کۆشنێری وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، خۆم لە ئەنستیتۆتی کوردی لە پاریس دیتەوە و لەگەڵ د.کەندال نەزان کە دامەزرێنەر و سەرۆکی ئەنستیتۆتەکەیە باسمان لە پەیوەندی نێوان فەرەنسا و کوردستان دەکرد، هەروەها بەو مێژووە دادەچووینەوە کە لەنێوان هەردوو میللەت خالی هاوبەشیان هەیە و بەتایبەتیش ئەو هاوبەشیانەی کە فەرەنسییەکان رۆڵیان هەبووە و وەك دۆست خزمەتی دۆزی کوردستانیان کردووە. لەوێ د.کەندال گەیشتە خاڵێك کە بۆ من جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردن بوو، کاتێك باسی لە نووسینی یەکەمین تێزی ئەکادیمی کرد سەبارەت شۆڕشی ئەیلول کە کەسێکی فەرەنسی لە نیوەڕاستی سالانی شەستەکان ئەنجامیداوەو دواتر لە دوتوویێی کتێبێکدا بەناوی (کورد شۆڕشی بێدەنگ) چاپی کردووە. ناونیشانی کتێبەکە زیاتر لە پرسی تێزی ئەکادیمی سەرنجی راکێشام و هانیدام مانەوەم لە پاریس درێژ بکەمەوەو بەدوای ئەو کتێبە و نووسەرەکەیدا بچم، دۆزینەوەی نووسەرەکە زەحمەت نەبوو، چونکە یەکێکە لە برادەرە هەرە نزیکەکانی ئەنستیتۆتی کوردی لە پاریس و هەموو گەلی کورد. د.کەندال و مەدام جۆیس بلۆ لەو رووەوە هاوکارم بوون.

## به ئاراستەی وێنەکان:

بـە یـاوەری عەلـی دۆلەمـەری، نوێنـەری حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە پاریـس کـە ئـەوکات کارمەنـدی نوێنەرایەتییەکـە بـوو بـەرەو ناوچـەی سـاندۆنێ چوویـن کـە دەکەوێتـە کەمـەرەی شـاری پاریـس و، چووینـە حەسـارێك کـە ژمارەیـەك خانـووی کۆنـی تێدابـوون کـە مێـژووی دروسـتکردنیان دەگەڕێتـەوە بـۆ بـەر لـە شۆڕشـی فەرەنسـا (شۆڕشـی فەرەنسـی – 1789). کاتـی خـۆی بـۆ رەبەنەکانـی خزمەتـکاری کەنیسـە دروسـتکراون، لـە یەکێـك لـەو ماڵانـەدا جـان مـاری پرادیـە، دەرگای لێکردینـەوە و فەرمـووی لێکردیـن. پرادیـە نووسـەری کتێبـی (کـورد شۆڕشـی بێدەنـگ) لـە سـاڵی 1966 بـۆ یەکەمینجـار دەچێتـە کوردسـتان و نامـەی دکتۆراکـەی سـەبارەت شۆڕشـی کوردسـتان (شۆڕشـی ئەیلـوول) ئامـادە دەکات و پاشـان لـە سـاڵی 1968 وەك کتێـب و بـە هەمـان ناونیشـان چاپـی دەکات. کتێبەکـەی بەڕێـز پرادیـە چەنـد گرنـگ و سەرنجڕاکێشـە، چیرۆکـی سەردانەکەشـی بـۆ کوردسـتان ئەوەنـدە گرنـگ و سەرنجڕاکێشـە، بۆیـە رێككەوتیـن کـە دیکیۆمێنتارییەکـی کـورت سـەبارەت جـان مـاری پرادیـە و ئەزموونـی لەگـەڵ شۆڕشـی کوردسـتان دروسـتبکەم. ئـەو کارە چەنـد رۆژێـك بـە سـەربردەی بەڕێـز پرادیـەی گرێـدام، دوای تەواوبوونـی کارەکـەم، پرادیـە گوتـی حەزدەکـەم بەیانـی بێیـەوە و قاوەیـەك بەیەکـەوە بخۆینـەوە، گوتـم بەسـەرچاوان و بـۆ سـبەینێ دیسـان لەگـەڵ کاك عەلـی دۆلەمـەری چووینـەوە ماڵـی جـان مـاری و دوای قـاوە خواردنـەوە گوتـی شـتێکی تایبـەت بـە کـوردم لایـە و لـە سـاڵی 1966ەوە پێشـمەرگەیەك لـە کوردسـتان دایـە مـن و منیـش تائێسـتا پاراسـتوومە، دەزانـم چەنـد فیلمێکـی فۆتۆگرافیـن، بـەڵام نازانـم چیـان تێدایـە، حەزدەکـەم بیاندەمـەوە تـۆ، چونکـە ئـەوە موڵکـی ئێوەیـە. زۆر سوپاسـم کـرد و تەماشـامان کـرد چەنـد فیلمێکـی نەشوشـتراوەی زۆر کۆنـن لەنێـو سـندووقێکی بچـووك هەڵیگرتبـوون.


وێنـەکان ناچاریـان کـردم هەفتەیەکـی دیکـەش لـە پاریـس بمێنمـەوە، چونکـە ئـەو لابراتوارەی(تاقیگـە)ی ئامێـری کۆنیـان هەبـوو و دەیانتوانـی گیـان و ژیـان بـۆ وێنـەکان بگەڕێنـەوە گوتیـان مـاوەی هەفتەیـەك تاوەکـو دە رۆژمـان پێویسـتە. ئـەو هەفتەیـە بـۆ مـن جێگـەی دڵخۆشـی بـوو چونکـە دەرفەتـم هەبـوو بـۆ جـاری دووەم ئـەو شـارەی بـە منداڵـی خەونـم پێـوە دەبینـی ماسـتەری تێـدا

بخوێنم، بتوانم لە کۆڵانە کۆنەکانی پیاسەیەك بکەم و ئێوارانی قۆڵ لە قۆڵی ڕووباری جوانی سێن هەڵکێشم و گوێ لە قاقای کیژە پاریسیان و میوزیکی سەر جادەکانیان بگرم.
دوای زیاتر لە هەفتەیەك وێنەکانم وەرگرتەوە، زیاتر لە دوو سەت وێنەی ڕەش و سپی، بەڵام تۆماری دیرۆکێکی ڕەنگا و ڕەنگ و گەشبوون، وێنەکان جۆراوجۆر بوون، جوان و سەرنجڕاکێش، دیمەنی سرووشتی کوردستان و ژیانی گوندیان و چالاکییەکانی پێشمەرگە و وێنەی کۆمەڵێك سەرکردەی سیاسی و سەربازی شۆڕش بوون، لە خۆشیان خەنی بووم و وامدەزانی گەنجینەیەکم دۆزیوەتەوە، هەستم دەکرد وێنەکان وەك یارانی ئەشکەوت دوای ماوەیەکی زۆر جارێکی دیکە هەناسە دەدەنەوە، بە ئومێدی ئەوەی ئەو وێنانە لە کتێبێکدا چاپ بکەم، گەڕامەوە کوردستان.

## دوای نۆ ساڵ:

لە کوردستان هەوڵەکانم بۆ چاپکردنی وێنەکان لە چوارچێوەی کتێبێکدا وەڵامێکیان نەبوو، بۆیە منیش بە سندووقێکی دیکەم سپاردن و لەلای خۆم هەڵمگرتن، بەڵام بەردەوام لە هزرمدا بوون و هەر جارێك باسی مێژوو و شۆڕش و کوردایەتی دەکرا وێنەکان لە بیردانکمدا خۆیان قیت دەکردەوەو سەرەتاتکێیان لەگەڵ خواستەکەمدا دەکردەوە. دوای نۆ ساڵ لە تۆڕی میدیایی ڕووداو لەگەڵ ئاکۆ محەممەدی بەڕێوەبەری ڕووداو باس هاتە سەر گرنگی بە دۆکیۆمێنتکردنی ئەو دیرۆکە و سەرلەنوێ گێڕانەوەی تاوەکو بە زیندوویی بمێنێتەوە. منیش باسی چیرۆکی خۆم و وێنەکانم بۆ کرد، یەکسەر گوتی بۆ نایان کەی بە کتێب، گوتم ئەوە خۆزگەی بەر لە نۆ ساڵمە، بەڵام دەرفەت دروستنەبوو، گوتی ئێمە ئامادەین وەك تۆڕی میدیایی ڕووداو چاپی بکەین، گوتم بەڵام من نازانم وێنەگرەکە کێیە بۆیە بەڕای من پێویستە بەدوای دابچین و چەند بکرێ ئەو مادە مێژووییە بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنینەوە.
دوای ئەوەی ئاکۆ محەممەد وێنەکانی بینی، بڕیاری دەستپێکردنەوەماندا و بەڕێوەبەری ڕووداو هەموو جۆرە پشتیوانی و هاوکارییەکی پێراگەیاندم.

پێویستبوو بچمەوە پاریس و لای جان ماری پرادیە، ئەوجارەیان بۆ ئەوەی سەرلەنوێ گوێ لە چیرۆکەکەی بگرمەوە، هەروەها هەوڵبدەم سەرداوێك دەربارەی وێنەگرەکە (فۆتۆگرافەر) بدۆزمەوە. چوومەوە پاریس و لەگەڵ جان ماری پرادیە تێهەڵچووینەوە، لە قسەکانیدا هەندێك شتی سەبارەت وێنەگرەکە وەبیردەهاتنەوە، گوتی ستۆدیۆیەکی هەژارانەی هەبوو یەك ژووری سەر بە کاریتە بوو لە نزیك پردەکەی ناوپردان بوو (ناوپردان شارۆچکەیەکە لە نزیك قەزای چۆمان، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول بارەگای مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عەسکەری لێ بوو). ئەوەشی بۆ زێدە کرد کە ئەو جارێك لە ستۆدیۆکەی سەردانی کردووە و گوتی فۆتۆیەکیشم گرتبوو، بەڵام بە کوالیتییەکی زۆر خراپ، چونکە لەنێو ستۆدیۆیەکەی بوو و ڕەنگی سوور بەسەریدا زاڵە و وێنەکەش پرۆفایلە(لەلایەکە). بەڕێز پرادیە چوو و بەناو ئەرشیف و وێنەکانیدا گەڕا، دوای چەند کاژێرێك وێنەی فۆتۆگرافەرەکەی دۆزیەوە، بەڵام ناو و نازناوی وەبیر نەمابوو و نەیدەزانی کێیە.



## وێنەکە بۆ کوێمان دەبات؟

جـان مـاری پێشـنیاری بـۆ کـردم لـە هەولێـر سـەردانی دکتـۆر مەحمـوود عوسـمان بکـەم رەنگـە ئـەو وێنەگرەکـەی بیـر مابێـت و بیناسـێتەوە، بـە قسـەیم کـرد و سـەردانی دکتـۆر مەحمـوودم کـرد. باسـی جـان مـاری و ئـەو سـەردەمی بـۆ کـردم، بـەڵام کـە هاتینە سـەر باسـی وێنەگرەکە شـتێکی ئەوتـۆی بیـر نەمابـوو و ئـەو گوتـی ستۆدیۆکەشـی لـە گەڵاڵـە بـوو نـەك ناوپـردان.

جـان مـاری حـەزی کـرد سـڵاو بـۆ دکتـۆر مەحمـوود بنێـرێ، منیـش مۆبایلەکـەم خسـتە سـەر ڤیدیـۆ و گوتـم فەرمـو سـڵاوی خـۆت بگەیێنـە. بەڕێـز پـڕادێ بەوشـێوەیە سـڵاوەکەی نارد:"سـڵاو دکتـۆر مەحمـوود عوسـمان، منـت لەبیـرە پەنجـا و پێنـج سـاڵ پێـش ئێسـتا لەناوپـردان، خـۆت فێـری زمانـی فەرەنسـی دەکـرد، مـن باشـم تـۆ لـە بیـرە، تـۆ زۆر زیـرەك بـووی، زۆر مێشـك کـراوە بـووی، چەنـد سـاڵێك پێـش ئێسـتا لـە رۆژنامەیەکـدا هەندێـك شـتم سـەبارەت تـۆ بـەر چاوکـەوت لەبـارەی سیاسـەتی تـۆ و بیرکردنـەوەت نووسـیبوویان، زۆر دڵخۆشـبووم، هیـوادارم جارێکـی دیکـە بـە دیـدارت شـاد ببمـەوە. لەبیرتـە کـە پێکـەوە چووینـە ئەڵمانیـا بـۆ پەیداکردنـی هەندێـك پـارە لەلایـەن کەنیسـەکانی ئەڵمانیـا بـۆ هـاوکاری شۆڕشـی کوردسـتان، هیـوادارم ئێـوە باشـبن و هەمـوو شـتێك بەباشـی بـڕوات، رێـز و سـڵاوم هەیـە و ئێـوە بەشـێکی زینـدووی یادەوەرییەکانـی منـن".

دکتـۆر مەحمـوود گوتـی، سـەرەتای سـاڵی 1966 لـە رێگـەی کامـەران بەدرخـان جـان مـاری پڕادیـەم بینـی و ناسـی، لەگـەڵ چەنـد قوتابییـەك، دەعوەتمـان کـردن بێـن بـۆ کوردسـتان، خۆشـیان سـۆزیان هەبـوو و پاڵپشـتی کوردیـان دەکـرد، هـەر لـەو سـاڵدا هاتـن.

ئـەوکات کـە هـات زۆر تێکـەڵاو بوویـن، ماوەیـەك مایـەوەو کچێکیشـی لەگـەڵ بـوو نـاوی فرانسـواز بۆسـیان بـوو، بەیەکـەوە هاتبـوون وەك رۆژنامەنـووس، چەنـد جارێـك رۆیشـتەوەو گەڕایـەوە کوردسـتان و کتێبێکیشـی بەنـاوی (کـورد شۆڕشـی بێدەنـگ) نووسـی.

دکتـۆر مەحمـوود پێـی باشـبوو لەگـەڵ بـارزان مـەلا خالیـد بێـژەری دێرینـی رادیـۆی دەنگـی کوردسـتان بـە دوای ئـەو وێنەگـرە دابچـم. خاڵـە بـارزان گوتـی بـاش باشـم وەبیـردێ و نـاوی محەممـەد عەلییـە و کاتـی خـۆی لـەلای مامۆسـتا گیـو موکریانـی لـە چاپخانـەی کوردسـتان کاری کـردووە و فێـری وێنەگرتـن بـووە، گوتـی هەرکـە دەچـووی لـە پردەکـەی ناوپـردان تێدەپـەڕی لـەلای دەسـتە چـەپ لەنێـو چەقـی رێـی

دووکانێکی هەبوو و وێنەی دەگرت، دوو سێ کامێرا و ئامرزای کۆنی هەبوو هەر بەخۆشی وێنەکانی دەشووشتنەوە. کاك محەممەد تابلێی کوڕێکی ڕەوشتبەرز و رێکوپێکبوو و کەسێکی بێ کێشە بوو، هەمیشە خەریکی کاری خۆی بوو، هەولێدەدا زیاتر وێنەی بەرپرسەکان و پێشمەرگە بگرێت کە دەهاتنە ناوپردان، کارێکی زۆر باشی دەکرد، ئەوکاتی ئەرشیڤ و شتی وا زۆر کەمبوو، ئەگەر نا محەممەد گەنجینەیەکی لەلابوو.

بارزان مەلا خالید ئەوەشی زێدەکرد کە ئەو زانیاری هەیە محەممەد عەلی فۆتۆگرافەر بە یەك رۆژ لەگەڵ ئەحمەد دەشتی کوڕی دەشتی شاعیر و یەکێك لە دامەزرێنەرانی رادیۆی دەنگی کوردستان لە ساڵی 1963 بوونەتە پێشمەرگە و، دڵنیایە ئەو زانیاری زۆرتری لەلایە و باشتر دەتوانێ هاوکارم بێت تاوەکو کاك محەممەد یان کەسوکارەکەی بدۆزمەوە، گوتی تەنیا گرفت ئەوەیە کە ئەحمەد دەشتی لە ئەڵمانیا دەژی.

هەولی دۆزینەوەی ئەحمەد دەشتیم دا لە رێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك دۆزیمەوە، نامەیەکم بۆ نارد و رۆژی دواتر وێنەیەکی دانابوو کە دیاربوو لە شاری هەولێرە، ئەوەش رێگەی چوونە ئەڵمانیای بۆ کورت کردمەوە و هەر لە هەولێر کاتێکمان دانا و یەکدیمان بینی.

ئەحمەد دەشتی پیاوێکی قسە خۆش و بە سەلیقەیە و بیردانێك(زاکیرە)یەکی زۆر باشی هەیە، هەموو رووداو و کەسایەتییەکانی بە وردەکاری زۆرەوە لەبیرە، هەر کە ئەو وێنەیەم نیشاندا کە لەلای جان ماری پرادیە دەستم کەوت بوو، یەکسەر گوتی ئەوە کاك محەممەد عەلیە زۆر جار شەدە(هەوری) لەسەری دەنا. ئەوەشی زێدەکرد کە ئەو ئامێرەی کاری لەسەر دەکات و لە وێنەکە دیارە ئەوە ناو ستۆدیۆ(دووکانی وێنەگرییەکەی)یەتی و بەو ئامێرە وێنەکانی دەشووشتەوە.

دوای ناسینەوەی وێنەگرەکە ئەحمەد دەشتی هاتە سەر باسکردنی رابردووی هاوبەشی خۆی و محەممەد عەلی فۆتۆگرافەر، گوتی ئێمە منداڵی یەك گەڕەك بووین و هەردووکمان لە تەیراوە گەورە بووین، دواتر لە ساڵی 1963 من و مستەفا رابەر چاپخانەیەکی حکومەتەمان برد بوو و دەمان ویست بیگەیێنینە شۆڕش، کاك محەممەدیش بەگەڵمان کەوت و بەڕێکەوتین، بەر لەوەی بگەینە لۆفەکانی مەسیف ( پێچەکانی شارۆچکەی پیرمام کە لەسەرەوەی گوندی ئارماوان دەستپێدەکەن - رێگەی هاملتۆن) ئاشکرابووین

و سوپای عێراق ئێمەی دایە بەر تۆپان و ناچاربووین خۆمان بگەیێنینە گوندی بلاخ و لەوێ هەندێك لە هەڤاڵانی پارتیمان بینین و ئەوان هاوکاریان کردین کە بگەینە گوندی گراو و ناوچەی بندەسەڵاتی پێشمەرگە و لەوێش چووینە هێزی خۆشناوەتی و ئەوانیش ئێمەیان رەوانەی دەڤەری چۆمان کرد، کاك محەممەد عەلی لە گوندی بلاخ لە ئێمە جیابووەوە و گەڕایەوە هەولێر، تاوەکو ساڵی 1965 نەمبینییەوە.

ماوەیەکی کەمبوو ئێزگەی دەنگی کوردستانمان دامەزراندبوو رۆژێك چوومە نێو شارۆچکەی ناوپردان بە رێکەوت کاك محەممەد عەلیم بینییەوە خەریکی دروستکردنی دووکان (ستۆدیۆ)کەی بوو، لەو رۆژەوە تاوەکو ساڵی 1975 پەیوەندی و هاوڕێیەتیمان بەردەوامبوو، بەڵام بەداخەوە دوای نسکۆ هەموو لەیەك دابڕاین و ئێمە لە ئێران مابووینەوە و ئەوان گەڕانەوە باشووری کوردستان و پاشان من چوومە ئەوروپا و، بەداخەوە تائێستا نەمبینییەوە، بەڵام دوای راپەڕین کە یەکەمجار گەڕامەوە پرسیارم کرد، زانیم کە کۆچی دوایی کردووە.


## گەڕانەوە بۆ تەیراوە

کۆنە هاوڕێیەکانی محەممەد عەلی فۆتۆگرافەر هاوکارییەکانیان تەنیا بەشی ئەوەی کرد ناوی بزانین و بەشێك لە چیرۆکەکەی بزانین و ئەو جوگرافیایەش بزانین کە تێیدا بەدوای خێزان و منداڵەکانی بگەڕێین، بێگومان هاوکارییەکی زۆر و گەورە بوو، چونکە بەر لە هاوڕێیەکانیان لەگەڵ کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان و هەندێك فۆتۆگرافەری ناسراو هەوڵمدا سەرداوێك پەیدا بکەم، بەڵام نەمتوانی چونکە وێڕای هەوڵدانی کۆمەڵەی وێنەگران و کەسەکانیش دەرئەنجامێکی نەبوو.

لە گەڕەکی تەیراوەو لە وێنەگرەکانی نزیك قەڵات و شەقامی پزیشکان بە دوای زانیاری زیاتر سەبارەت محەممەد عەلی فۆتۆگرافەر دەگەڕاین، لەو هەموو وێنەگرانە کە بەشێکی زۆریان زیاتر لە پەنجا ساڵ بوو لەو ناوچەیە کاریان کردووە هیچیان لەبارەوە نەدەزانی و، زۆربەیان ناوەکەشیان لەلا ئاشنا نەبوو، تاوە گەیشتینە وێنەگری ئۆسکار کە یەکێکە لە ستۆدیۆ کۆن و بەنێوبانگەکانی هەولێر و لەوێ کە پرسیارمان کرد و هەندێکمان لەو زانیاریانەی دەستکەوتبوون باسکرد کاك سەردار کە زیاتر لە سی ساڵە لەوێ

کار دەکات، یەکسـەر گوتـی ئێـوە مەبەسـتتان کاك محەممـەد فەرەحە!(لـەدوای گەڕانـەوەی لـە ئێـران بـۆ باشـووری کوردسـتان، محەممـەد عەلـی لـە شـەقامی پزیشـکانی شـاری هەولێـر سـتۆدیۆیەکی وێنەگرتـن بەنـاوی فـەرەح دەکاتـەوەو بۆیـە پاشـناوی فەرەحـی پێـوە دەنووسـێ و لەنێـو هاوپیشـەکان بـە (محەممـەد فـەرەح) دەنـاسرێ. گوتـی محەممـەد فـەرەح لـە بـن دیـواری قەڵاتـێ کامێرایەکـی بەرهەتـاوی هەبـوو و وێنـەی رەش و سـپی دەگـرت لـە شـەقامی پزیشـکانیش ماوەیـەك سـتۆدیۆیەکی هەبـوو بەنـاوی فـەرەح، دوو کـوڕی هەیـە بەناوەکانـی بـارزان و سـەرکەوت، بـەڵام ئـەوان وازیـان لـە کاری وێنەگرتـن هێنـاوەو خەریکـی کاری دیکـەن، کاك سـەردار ژمـارەی مۆبایلـی بارزانـی کـوڕە گـەورەی محەممـەد عەلـی یـان محەممـەد فەرەحـی داینـێ.
پەیوەندیـمان بـە بارزانـی محەممـەد عەلـی کـرد و ناونیشـانی شـوێنی کارەکـەی داینـێ کـە هـەر لـە گەڕەکـی تەیـراوە بـوو لـە شـەقامی (تەجنیـدی کـۆن) لـەوێ لـە دووکانێکـی دروسـتکردنی دەرگـە و پەنجـەرەی ئەلەمنیـۆم بارزانـمان بینـی، دوای یەکترناسـین ئێمـەی بـردەوە ئـەوماڵـەی کـە باوکـی تێیـدا ژیـاوە، ماڵەکـە لـە خانووێکـی کۆنـی گەڕەکـی تەیراوەیـە کـە سـاڵی دروسـتکردنی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵانی پەنجاکانـی سـەدەی رابـردوو، رووبەرەکـەی لـە سـەت مەتـری چوارگۆشـە زیاتـر نەدەبـوو، دوو ژوور لە سـەرەوە و لە نێوەڕاسـت حەوشـەیەك و لـە خـوارەوەش ناندینێـك و سەرشـۆرێك هەبـوو کـە دەرگایەکـی بچووکـی دوودەرگەیـی لـە نێوانیاندایـە، لەنێـو ئـەو خانـووە کۆنـەدا کـە ئێسـتا کەسـی تێـدا نـاژی، جگـە لـە یادگارییەکانـی محەممـەد عەلـی فۆتۆگرافـەر و خێزانەکـەی، لـەو ژوورەی کـە بـەردەوام تێیـدا دانیشـتووە و نووسـتووە و پێشـوازی لـە میوانـان کـردووە بـۆ یەکەمجـار کـە چوومـە ژوورەکـە وێنەیـەك کـە بـە دیوارەکـەوە هەڵـواسراو بـوو سـەرنجی راکێشـام و زانیـم ئـەوە وێنـەی محەممـەد عەلییـە و لـە بارزانـم پرسـی ئـەوە وێنـەی باوکتـە گوتـی بەڵـێ ئـەوە هـەوە، دەمێـك لـە وێنـە رامـام و گوتـم دوای زیاتـر لـە نـۆ سـاڵ لـە گـەڕان و پرسـیارکردن بـۆ دواییـن جـار نـاو و ناونیشـان و خێـزان و وێنەکەیشـم دۆزیـەوە هەسـتم بـە خۆشـی و بـە سـەرکەوتن کـرد و هەسـتم کـرد بارێکـی گـەورەم لەسـەر شـانم لاچـوو و مافـم بـۆ خـاوەن مـاف گەڕانـدەوە، چونکـە بـە درێژایـی ئـەو نـۆ سـاڵە بـەردەوام بۆچوونـم وابـوو کـە بەبـێ دۆزینـەوەی خاوەنـی رەسـەنی ئـەو وێنانـە کارێکـی بەجـێ نییـە بڵاوبکرێنـەوە.
بـارزان لەنێـو دەلاقەیـەك و سـندووقێکی کۆنـی داردا، کۆمەڵێـك یـادگاری باوکـی دەرهێنـا کـە کامێرایەکـی کـۆن و چاویلکـە و دەفتـەر نفـووس و تەسـکەرەی سـەردەمی پاشـایەتی بـوون. هەروەهـا چەنـد وێنەیەکـی محەممـەد عەلـی تێـدا بـوون کـە دانەیەکیـان لەگـەڵ

هاوژینەکەی بوو کە لەناو ماڵەکەیان لەناوپردان لەساڵی 1965 گرتووە و هەردووکیان گەنج و جوانن و پێدەکەنن، لە پشتەوەیان ئەو ئامێرە دیارە کە وێنەکانی پێ شوشتوونەتەوە، ئەوەش ئەوە نیشاندەدا کە ماڵ و لابرۆتوار ( شوێنێ تایبەتی شووشتنەوەی وێنە) یەك شوێن بووە.
بارزان لەنێو حەوشەی خانووەکە دانیشت و باسی ئەوەی بۆ کردین کە ئەو وەبیری دێت کاتێك ماڵیان لە ناوپردان بووە،گوتی:"لەبیرمە زۆر جار تەنانەت بە شەوانیش دەهاتن بابمیان دەبرد دەیانگووت ماڵی سەرۆکی، ماڵی مەلا مستەفای مێوانیان هاتینە، هەموو جارێ لاندکرۆزەرێکی ستەیشن بوو دەهات دەیبرد، دەچوو وێنەی دەگرتن کاتێك شاندێك دەهات یان مێوانێکیان دەهات، جگە لەوەش لە دووکانەکەشی وێنەی خەڵکی دەگرت، وێنەی پێشمەرگە و خەڵکیشی دەگرت کە بەخۆی پێی جوان بوون یان خەڵك پێویستیان پێبوو، ژیانمان لەسەر ئەو کارە بوو".
لە بارزانم پرسی ئایا باوکت هیچ جارێك باسی ئەوەی کردووە وێنەی دابێتە کەسانێکی ئەوروپایی؟ گوتی بەڵێ چەند جارێك ئەوەی باسدەکرد کە کەسانی ئەوروپایی وێنەکانی ئەویان بردووە بۆ ئەوەی لە ئەوروپا بڵاویان بکەنەوە، بەڵام هەموو شتەکەم بەبیر نایێ بە وردی، چونکە لەمێژە کە بۆی باسکردووین.
محەممەد عەلی حەمەد خدر، ناسراو بە (محەممەد فەرەح) لەساڵی 1993 لەو خانووەی تێیدا گەورە ببوو لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر کۆچی دوایی دەکات.
ئێستا ئەو کامێرایەی محەممەد عەلی کە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول کاری پێکردووە لە مۆزەخانەی کولتووری هەولێر (قوتابخانەی ئەربیلی ئولا) پارێزراوە.



جان ماری پڕادیە و ئاسۆ حاجی - پاریس 2019

## لە زاری جان ماری پڕادیەوە

لە ساڵی 1966 قوتابی بووم لە زانکۆی تۆلۆز نامەی دکتۆرایەکەم ئامادە دەکرد، لە بواری ئەنترۆپۆلۆجی (مرۆڤناسی) بڕیارمدا بچمە کوردستان. کەمێك زانیاریم سەبارەت ئەو شەڕە هەبوو کە لە عێراق هەبوو لەنێوان کورد و حکومەتی عێراق. لەو سەردەمدا بە تەواوی بێ ئاگابووم سەبارەت دۆزی کورد و مێژووەکەی، بەڵام کەسێکبووم حەزم لە زانینی شتی نوێ بوو.

لە سەردەمی شەڕی جەزائیر لە سوپای فەرەنسا ئەفسەر بووم، لەوێ بۆم روونبووەوە کە مرۆڤ دەتوانێ تاوەکو چ ئاستێك توندوتیژ و دڕندە بێت، لەوێ ئەو پرسیارەم لە خۆم دەکرد، بۆ هەمیشە مرۆڤەکان لە شەڕدان و یەکدی دەکوژن و یەکدی لەنێودەبەن!

چەند گوتارێکم سەبارەت تێکۆشانی کورد لە رۆژنامەکان بەر چاو دەکەوت، بەڵام ژمارەیان یەکجار کەم بوو، ژمارەیەکی زۆر کەم گوتار سەبارەت کورد بڵاو دەکرانەوە، لەبەرئەوەی دەبووایە رۆژنامەکان بە هەموو رووداوەکانی دونیا رابگەن، شەڕی ڤێتنام لە هەمووان سەرنجڕاکیشتر بوو، بۆیە هەموو کەسە رادیکاڵەکان پێیەوە گرێدرابوون، هەروەها خەبات لەپێناو مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوکات لە ئارادابوو و لە چین شۆڕشی

کشتوکاڵی هەبوو، ماو تسی تۆنگ ئامادەکاری بۆ شۆڕشەکەی دەکرد، سەردەمی شەڕی سارد بوو، کوبا ببووە دۆزەخ بۆ ژمارەیەکی زۆر گەنجی شۆڕشگێڕی فەرەنسی.

لە دەوروبەری خۆم زۆر قوتابیم دەبینین بە دڵگەرمییەوە سەبارەت شۆڕش قسەیان دەکرد و وەك خودا یان وەك خوداوەند تەماشایان دەکرد، بەڵام لە ژیانی رۆژانەیاندا کەسانی خۆپەرست و دڵڕەق بوون و لێبووردە نەبوون.

لە جەزائیر لەکاتی شەڕی داگیرکاری فەرەنسا، زۆر لە سەربازە گەنجەکانم دەبینین کە سەر بە پارتە چەپڕەوەکان بوون،لە هەڵسوکەوتیان زۆر خۆسەپێن و توندبوون، لەوکاتدا باوەڕێکم بۆ دروستبوو کە پێویست ناکات ئەوەندە قسە بکەین و باوەڕ بە هەموو شتێك بکەین بەڵکو پێویستە بەخۆمان شتەکان ببینین، لە خۆم دەپرسی باشە بۆ رۆژنامەنووسان و نووسەران زۆر گرنگی بە بزاڤی سیاسی کورد نادەن! ئایا ئەوەی هەیە شەڕی رەگەزییە یان کولتووری؟

لەگەڵ سێ قوتابی دیکەی فەرەنسی بڕیارماندا بچینە عێراق و کورد ببینین، لەڕاستیدا زۆر گێلۆکە بووین(بە پێکەنینەوە) باشە چۆن ئەوە بکەین! تەنیا دوو ئۆتۆمبێلی بچووکمان هەبوون، یەکجار بچووك بوون، بەڵام جوان بوون.

چوار کەس و دوو ئۆتۆمبێل بووین، دوویان قوتابی کۆلێژی پزیشکی بوون کچ و کوڕێك بوون، کوڕەکە شارەزاییەکی باشی هەبوو لە میکانیکی ئۆتۆمبێل، من و کچێکی هاوڕێشم بووین.

## دەستمان پێکرد:

دەستمان بە پەیوەندیکردن کرد، پەیوەندیمان بە کامەران بەدرخانەوە کرد لە پاریس، پێمانگوت میر دواتر زانیمان ئەوە نازناوێکی زۆر گەورەیە، بەڵام ئەو خۆی کەسێکی زۆر سادە بوو، بەڵام مەزن بوو، لە بارودۆخێکی نالەباردا دەژیا، هاوژینەکەی کە پۆلەندی بوو، بەرگریکارێکی سەرسەختی کوردایەتی بوو، ئێمە قوتابی بووین و سەر بە هیچ حیزبێك نەبووین،هەروەها پارەشمان نەبوو.

میر کامەران بەدرخان گوتی دەتوانم هاوکاریتان بکەم ئەگەر دەتانەوێ بچنە کوردستان، زۆر سەرسام بووین بە ئاستی مرۆیی ئەو پیاوە، بڕیارماندا هەندێك داوودەرمان لەگەڵ خۆمان ببەین، میر کامەران پێیگوتین کە پەڕینەوە لە سنوور زۆر سەختە و ناتوانن

بگەنـە کوردسـتانی عێـراق، گوتـی پێویسـتە یەکەمجـار بچنـە تـاران و لـەوێ کەسـێك ببینـن، ناوەکەیـم ئێسـتاش لەبیـرە نـاوی (قاسـمی) بـوو، گوتـی ئـەو شـتێکتان بـۆ دەکات.
سـاڵی 1966 بـوو، دوای داسـتانە بەنێوبانگەکـەی هەندرێـن بـوو کـە پێشـمەرگە سـەرکەوتنێکی گەورەیـان تۆمـار کردبـوو، بـە ئۆتۆمبێلـە بچووکەکانمـان گەیشـتینە تـاران، لەسـەرخۆ لێماندەخـوڕی، وابزانـم بەخێرایـی 60 کیلۆمەتـر لـە کاژێرێکـدا دەڕۆیشـتین ( لـە تۆلـۆزەوە تاوەکـو پاریـس و لەوێشـەوە تاوەکـو تـاران). لـەوێ قاسـمی پێیگوتیـن کـە پێویسـتە کەسـێك ببینـن کـە کارمەنـدی دەوڵەتـە، بـەڵام لەبیـرم نەمـاوە لـە چ وەزارەتێـك بـوو، لـەوێ یەکەمیـن وشـەی فارسـی فێربـووم کـە وشـەی (فـەردا) بـوو، واتـە سـبەی. هەمـوو رۆژێـك ئەوەیـان بـۆ دووبـارە دەکردینەوە:"هەمـوو شـتێکمان بۆتـان ئامادەکـردووە، بـەڵام سـبەی وەرنـەوە، رۆژی دوایـی دەچووینـەوە دەیانگـوت (پـاس فـەردا) واتـە دووسـبەی وەرنـەوە، ئـەوە دووەم وشـەی فارسـی بـوو کـە فێریبـووم.

## ■ لە تارانەوە بۆ بەغدا

وەك گوتـم کاتەکـە دوای شـەڕی هەندرێـن بـوو، کاتێکـی زۆر هەسـتیار بـوو بـۆ بزاڤـی سیاسـی کوردسـتان، چونکـە دەبووایـە رێگەیـەك بدۆزنـەوە بـۆ چۆنیەتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ بەغـدا و لەگـەڵ مارشـاڵ عەبدولسـەلام عـارف کـە کەسـێکبوو بـە دڕندەیـی و توونودتیـژی و بـێ مۆڕاڵـی نـاسراو بـوو، دوای ماوەیەکـی کـەم مارشـاڵ عـارف لـە رووداوێکـی کەوتنـی کۆپتـەر (رووداوێکـی گومانـاوی) گیانـی لەدەسـتدا، برایەکـەی عەبدولڕەحـمان عـارف کـە کەسـێکی لاوازبـوو و زۆر زانـا و لێهاتـوو نەبـوو، نەیدەزانـی چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ کێشـەکان بـکات.
لـە ئێرانیـش بـە وردی چاودێـری بارودۆخـی عێـراق دەکـرا، قاسـمی بـە ئێمـەی گـوت پێویسـتە بچنـە بەغـدا، یەکسـەر بەڕێکەوتیـن و چووینـە بەغـدا، لـەوێ تووشـی زۆر شـتی سـەیر بوویـن، لەبیرمـە رۆژێـك ئێـوارە بـوو لـە پێـش هۆڵێکـی شـانۆ ژمارەیەکـی زۆر لـە ئۆتۆمبێلـی گرانبەهـا و گـەورە وەسـتابوون، پرسـیارمان کـرد چ هەیـە؟ پۆلیسـێك گوتـی جەنـەڕاڵ عـارف لەوێیـە و بۆنەیەکـی تایبـەت هەیـە، دوای کەمێـك جەنـەڕاڵ عـارف هۆڵەکـەی جێهێشـت، هەمـوو دیپلۆماتـکارەکان بـە دوایـدا چـوون، ئێمـە لەگـەڵ هەڵاکـە کەوتیـن،



لــە ڕێگــە ئۆتۆمبێلێکــمان تێکچــوو و لای پۆلیســێك وەســتاین، ئۆتۆمبێلەکەمــان پۆســتەری ڕێکخراوێکــی پزیشــکی پێوەبــوو بەنــاوی (کۆلیزانــس)، پۆلیســەکە لێــی پرســین ئێــوە کێــن؟ گوتمــان باڵیۆزخانــەی کۆلیزانیســین، گوتــی باشــە بــەڵام بــۆ ئۆتۆمبێلەکانتــان ئەوهــا شــەق و شــڕن؟ هــەر بــۆ فشــە گوتمــان ئێمــە سۆسیالیســتین، پۆلیســەکە هەندێــك دامــا و گوتــی بەڕاســتی ئێــوە سۆسیالیســتی ڕاســتەقینەن.

## یەکەم زانیاری سەبارەت کورد

لە بەغدا چووینە ئەو جێگەیەی (قاسمی) بۆ دەستنیشان کردبووین، کتێبخانەیەکی گەورە بوو، خەڵکێکی زۆری لێبوو و چاوەڕوانم کرد تاوەکو چۆڵبوو، ئینجا چوومە لای خاوەنەکەی کە ئەو کەسە بوو، کە پێویستبوو قسەی لەگەڵ بکەین، ئەوەی دەمانویست پێمانگوت و ئەویش گوتی زۆر باشە، بەڵام دەبێ کەسێکی دیکە ببینن کە پارێزەرە.
لە رۆژانی چاوەڕوانیمان بۆ بینینی ئەو پارێزەرە کە ناویشمان نەدەزانی، دوو هاوڕێمان بڕیاریاندا بگەڕێنەوە فەرەنسا، من و کچە برادەرەکەم ماینەوە و لە هوتێلێکی هەرزان نیشتەجێبووین.
چەند جارێك سەردانی کتێبخانەکەمان کرد و هەمان وەڵامان وەرگرت، یەکێك لەو جارانە کتێبێك سەرنجی راکێشام کە بە زمانی فەڕەنسی بوو ناونیشانی کتێبەکە ( یاساکانی ئیمپڕاتۆریەتی ئۆسمانی)بوو و ئێستاش پاراستوومە، لەو کتێبەدا بەشێکی تایبەتبوو بە کورد، لەو کتێبەدا باسی پێگەی بەهێزی کورد کراوە لەنێو ئەو دەوڵەتەدا (ئیمپراتۆریەتی ئۆسمانی) شتێکی یەکجار سەرنجڕاکێش و گرنگی تێدایە کە باسی بیروباوەڕی کورد دەکات دەڵێ:"کورد لەڕووی بیروباوەڕی ئایینییەوە کەسانی توندڕۆ نین و مرۆڤی ئازادن". ئەوەش لەڕووی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسییەوە بۆ من زۆر گرنگبوو، ئەوە زیاتر هانیدام تاوەکو بە لێوردبوونەوە لە کولتووری کوردی نزیکببمەوە و، لەوە تێبگەم بۆچی کورد لەرووی ئایینییەوە توندڕەو و دەمارگرژ نین، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە کەسانێکی مێشك کراوە و لێبووردەن، دواتر کە چوومە کوردستان و کوردم ناسی وەڵامی ئەو پرسیارەم وەرگرت، لە کوردستان زانیم کە زۆرینەی کورد بە رێبازی سۆفیزمەوە گرێدراون و نموونەی هەر دیار بۆ من ماڵباتی بارزانی بوو، دوای ئەوەی زانیم کە خودانی بارزان (شێخ ئەحمەد بارزانی) رابەرێکی سۆفییە و سەر بە رێبازی نەخشبەندییە، لەوە تێگەیشتم کە کولتووری سۆفیزم واتە ئایینی خۆشەویستی ( خوامان خۆشدەوێت کەواتە ئەوانەی دیکەشمان خۆشدەوێن کە خوا دروستیکردوون، بۆیە دەبێ سروشتیشمان خۆشبوێ".

پارێزەرەکەم بینی و ئەویش گوتی دەبێ چەند رۆژێك چاوەڕێ بکەن، دوای چەند رۆژێك نامەیەکم پێگەیشت تێیدا نووسرابوو کە پێویستە سبەینێ دەوروبەری کاژێر 10 ی بەیانی ئامادەبن و خۆمان بەدواتاندا دێین.
لەکاتی دیاریکراو ئامادەبووین و چاوەڕێمان دەکرد، ئۆتۆمبێلێکی مارسیدسی کۆن هات یەکێك لە سەرکردەکانی شۆڕش بوو، کە یەکێکبوو لە ئەندامانی شاندی دانوستاندنکار کە لە بەغدا بوون، ئەو کەسە موحسین دزەیی بوو، لەگەڵی سواربووین و روومانکردە کوردستان. موحسین دزەیی پیاوێکی کەمدوو بوو، خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز و سیمایەکی جوان و پڕ لە ئاشتی بوو، کەسێکی ئارام بوو.

## یەکەمین سوپرایز و جەیمس بۆندی کوردی

کە گەیشتینە ناوچەی شۆڕش یەکەمین سوپرایزم بینی، لە سنووری نێوان کوردستانی ئازاد و کوردستانی ژێردەستی عێراق، کە گەیشتینە یەکەمین خاڵی پشکنینی پێشمەرگە ژمارەیەك پێشمەرگەم بینین، موحسین دزەیی گوتی ئەو پێشمەرگانە کورد نین، ئەوانە عەرەبن، تووشی سەرسوڕمان بووم، گوتی ئەوانە شیوعین و لەگەڵ ئێمە لە دژی رژێمی بەغدا دەجەنگن، یەکسەر تێگەیشتم کە ئەوە شەڕی نێوان دوو نەتەوە نییە، بەڵکو شتێکی ئاڵۆزترە.
گەیشتینە ناوپردان، لەوێ کۆمەڵێك خانووی لە قوڕ و دار دروستکراومان بینین، کەشێکی ئارام و بێدەنگبوو، خەڵکەکە خەریکی کار و ژیانی خۆیان بوون، هەستم بە پشوو و ئاسوودەییەکی زۆر کرد، ئەو فیلمانەم وەبیرهاتنەوە کە سەبارەت شۆڕشەکانی چین و کوبا دروستکرابوون و تێیدا خەڵك هاوار دەکەن و دەقیژێنن. کوردستان تەواو پێچەوانە بوو، هەر بۆیە دواتر کتێبەکەم ناونا (کورد شۆڕشی بێدەنگ). بێدەنگی بە واتای دانایی، نەیاندەقیژاند و هاواریان نەدەکرد بەڵکو کاریان دەکرد و کاریان نیشاندەدا.
دەستمکرد بە دیتنی خەڵك لە ئەندامانی سەرکردایەتییەوە بگرە تاوەکو خەڵکی ئاسایی. من بە ئینگلیزی قسەم دەکرد، دکتۆر مەحموود عوسمانم بینی، هەروەها سامی عەبدولڕەحمانم بینی، کەسێکی دیکە زۆر سەرنجی راکێشام دڵنیام دەیناسن و دەزانن

عیسـمەت شـەریف وانلـی کێیـە، بەڕاسـتی پیاوێکـی نـاوازە بـوو، بـە فەرەنسـیش قسـەی دەکـرد، چونکـە لـە سویسـڕا دەژیـا، لـە رەسـەندا خەڵکـی کوردسـتانی تورکیـا بـوو و لـە کوردسـتانی سـوریا لەدایکببـوو و گـەورە ببـوو و نوێنـەری شۆڕشـی کوردسـتانی عێـراق بـوو لـە ئەوروپـا (بـە پێکەنینـەوە) نازنـاوی جیمـس بۆنـدی کـوردی بـوو، چونکـە چەندیـن زمانـی بـە رەوانـی دەزانیـن: فەرەنسـی،ئینگلیزی،عەرەبی و چەنـد زمانێکـی دیکەشـی دەزانیـن و لەنێـوان چەندیـن وڵات هاتوچـۆی دەکـرد و پەیونـدی هەبـوو، هـەر ئـەوەش هۆکاربـوو کـە دەزگای هەواڵگـری عێـراق هەوڵـی تیرۆرکردنیانـدا، برینـدار بـوو، بـەڵام لێـی دەرچـوو.

چونکـە کوردیـم نەدەزانـی بۆیـە پەیوەندییەکانـم زۆر فـراوان نەبـوون، بـەڵام بـە تـەواوی ئازادبـووم لـە گـەڕان و پەیوەندیکـردن دا، کچـە هاوڕێیەکەشـم گەڕایـەوە فەرەنسـا. ئـەو تەنیـا چەنـد رۆژێـك مایـەوە، چونکـە دەبووایـە بگەڕێتـەوە فەرەنسـا بـۆ تەواوکردنـی نامـەی دکتۆراکـەی، مـن مامـەوە و گوتـم نامـەی دکتۆراکـەم زۆر پەلـەی نییـە و ئەوەتـە شـتێکی دیکـەی پێویسـتتر لێـرە هەیـە و روودەدات.

لەگـەڵ عیسـمەت شـەریف وانلـی بـە گوندەکانـدا گـەڕام، دواتریـش لەگـەڵ سـامی عەبدولڕەحـمان بـە گوندەکانـدا گـەڕام، کاتێـك بارەگاکانی پێشـمەرگەی بەسـەر دەکـردەوە، پێیـان گوتـم پێویسـتە جلـی پێشـمەرگە بپۆشـی، چونکـە بـە نـاو گونـد و ئاوایـیـەکان تێدەپەڕیـن و کەسـانێك لـەو ئاوایانـە هـەن بـۆ حکومەتـی عێراقـی کار دەکـەن و رەنگـە زیانـت پێبـگات.

لە گوندەکان کاتێك لە گوندنشینان رادەمام لە چاوانیان هیوا و ئومێدەکانیانم دەبینی.

## زۆر بارزانیم دەبینی

زۆر جـار جەنـەڕاڵ بارزانیـم دەبینـی، زۆر کەمـدوو بـوو، مـن زۆر پرسـیارم لێدەکـرد، بـەڵام ئـەو زۆر بـە کورتـی وەڵامـی دەدامەوە،لـە هۆکارەکـە تێدەگەیشـتم چونکـە ئـەو نەیدەزانـی مـن کێـم، ئایـا سـیخوڕێکی ئیسرائیلیـم یـان ئەمریکـی یـان رۆژنامەنووسـم!

رۆژێـك لـە بارزانیـم پرسـی بۆچـی پەنـا نابەنـە بـەر ئەنجامدانـی کاری تیرۆرسـتی، بـۆ نموونـە بۆمبێـك لەنـاو باخچـەی باڵیۆزخانـەی فەرەنسـا لـە بەغـدا دابنێنـەوە، ئـەوکات باڵیـۆزی فەرەنسـا دەڵـێ ئەهـا کـورد ئەوەنـدە نـەرم و نیـان نیـن وەك ئێمـە بیـری لێدەکەینـەوە (ئـەوکات



مستەفا بارزانی- کامێرای جان ماری پرادیە 1966



مستەفا بارزانی و عەبدولڕەحمان عارف سەرۆك وەزیرانی عێراق - کامێرای جان ماری پرادیە 1966





مستەفا بارزانی لەنێو ئەو ئۆتۆمبێلەی کە سەرۆك وەزیرانی عێراق بە دیاری پێیبەخشیبوو - کامێرای جان ماری پرادیە - 1966



مستەفا بارزانی و عەقید نووری مەلا مارف (فەرماندەی هێز لە شۆڕشی ئەیلول) و د.مەحموود عوسمان لە بارەگای بارزانی لە باڵەکایەتی



مستەفا بارزانی و عەقید نووری مەلا مارف و موحسین دزەیی لەبارەگای بارزانی لە باڵەکایەتی



مستەفا بارزانی و عەقید نووری مەلا مارف و د.مەحموود عوسمان و موحسین دزەیی لە بارەگای بارزانی لە باڵەکایەتی



جەنـەڕاڵ دیگـۆل دەیویسـت لەگـەڵ وڵاتانـی عەرەبـی ڕێککەوتنێـك بـكات، ئـەوە دوای كۆتایـی هاتنـی شـەڕی داگیـركاری فەرەنسـا بـوو لـە جەزائیـر و مەغریـب و تونـس، هەروەهـا دوای شـەڕی سـویس بـوو كاتێـك ئەمریـكا و رووسـیا رایانگەیانـد كـە ناكـرێ شـەڕ لـە دژی جەمـال عەبدولناسـڕ بكرێـت، ئـەوكات بـوو کـە جەنـەڕاڵ دیگـۆڵ هـەر دیگـوت ئێمـە و عـەرەب برایـن، جەنـەڕاڵ دیگـۆل كـوردی دەناسـین، چونكـە لـە سـووریا وەك ئەفسـەر خزمەتـی سـەربازی كردبـوو، باسـی ئـەوەش دەكـرێ كـە پەیوەنـدی خۆشەویسـتی لەگـەڵ كچـە كوردێـك هەبـووە).

جەنـەڕاڵ بارزانـی وەڵامـی دامـەوە و گوتـی:" بەڕاسـتی شـەرمەزارییە تـۆ باسـی تیـرۆر دەكەی، ئێمـە دژی تیرۆریـن، چونكە خەڵكی سـیڤیل و منداڵ دەبنـە قوربانـی، نەخێـر ئێمە هەرگیـز پەنا بـۆ كاری لەوجـۆرە نابەین".

مـن دەمزانـی شـۆڕشـی كوردسـتان دەزگایەكـی هەواڵگـری زۆر بـە توانـای هەبـوو، دەیانتوانـی ئـەو كارانـە بكـەن (ئـەوەم دەزانـی چونكـە زۆر لـە كوردسـتان مامـەوە و زۆرجاریـش سـەردانی كوردسـتانم كـردەوە).

زۆرجـار دەرفەتـی دانیشـتن و وێنەگرتنـی بارزانیـم هەبـوو، زۆربـەی جـار لەگـەڵ سـەركردە سیاسـی و فەرمانـدە سـەربازییەكانی بـوو، هەروەها ئەو شـاندانەی كـە سـەردانیان دەكرد.

كـە عەبدولڕەحـمان عـارف (سـەرۆككۆماری عێـراق لـە 1966 تـا 1968)سـەردانی بارزانـی كـرد دەرفەتـم هەبـوو وێنەیـان بگـرم، هەروەهـا دواتـر وێنـەی بارزانـی بگـرم لەنێـو ئـەو ئۆتۆمبێلـەی عەبدولڕەحـمان عـارف بـە دیـاری بـۆی هێنابـوو، ئۆتۆمبێلەكە لـە جۆری فـۆرد بوو لـە نزیك ناوپـردان، دیسـان دەرفەتـم بـۆ هەڵكـەوت و وێنـەم گرتـەوە.

هەندێـك پۆرترێتـی بارزانیـم گرتبـوون، كاتێـك لـە سـیمای بارزانـی رادەمێنی بـە ناچاری دەبـێ بگەڕێیەوە سـەردەمی كۆمـاری دیموكراتی كوردسـتان لـە مهابـاد، هەروەهـا بارودۆخـی رووخانـی كۆمـار و پەڕینـەوەی لـە ئـاراس و پاشـان گەڕانـەوەی بـۆ عێـراق، واتە ناچـار دەبی بـە مێـژوودا بچییەوە.

لـە یەكەمیـن دیدارمـدا لەگـەڵ بارزانـی زۆر پێـی سەرسـام بـووم، بـە زۆر شـتی، سـەرەتا دوای ئـەوەی بەخێرهاتنـی كـردم، زۆر دۆسـتانە مامەڵـەی لەگـەڵ كـردم و قسـەی بـۆ كـردم، هەرگیـز بـە شـێوازێكی شۆڕشـگێڕانەی نەریتـی قسـەی بـۆ نەدەكـردم و دەسـتی بـە گوتـاردان نەكـرد، نەخێـر ئەو كەسـایەتییەكی تایبەتـی هەبـوو، كەمـدوو بـوو، نـەك كەسـێك بێـت حـەز و حەماسـەتی هەبێت بـۆ قسـەكردن، كە تەماشـای خەڵكی دەكـرد حەزی

دەکرد بزانێت ئەو کەسە بۆچ مەبەستێك هاتووە و کێیە، ئەو کەسە دیپلۆماتە، رۆژنامەنووسە، سیخورە یان کەسێکە بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێت.
من پێمگوت کە من کەسێکم لە زانکۆ کاردەکەم، وەڵامی پرسیارەکانی دامەوە، قسەکردنی دەربارەی زلهێزەکان زۆر سەرنجراکێش بوون، دەیزانی کە زلهێزەکان بە تەواوی و وەك پێویست پشتگیری ناکەن، بە سادەیی و راست و رەوان پێیگوتم:"ئێمە لەپێناو ئامانجێکی راست و مافێکی رەوا تێدەکۆشین، بۆیە پێویستە ئێوە (کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی) پشتگیریمان بکەن". ئەو قسەیەی بۆ من جێگەی تێڕامان بوو، گوتم جەنەڕاڵ بارزانی ژیانی سیاسی بەوشێوەیە نییە، یەکەمجار بوو ئەوەی لێ بپرسم بۆچی هەندێك کاری تیرۆر ئەنجام نادەن (من ئەزموونم لەگەڵ جەزائیری و فەلەستینیەکان هەبوو لەو رووەوە زۆر لیزان بوون، باسی ئەو سەردەم دەکەم بە کردەوەکانیان و پەنابردن بۆ تیرۆر وایانکردبوو هەموو خەڵك باسیان بکات، ڤێتنامییەکانیش لەو رووەوە زۆر زیرەکبوون) ئەوانەم بۆ بارزانی باسکرد،بارزانی گوتی:"ئەوە کارێکی نا ئەخلاقییە و لە ئێمە ناوەشێتەوە".
کاتێك پرسیارم لێی کرد سەبارەت پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی زلهێز، بێدەنگبوو و وەڵامی نەدامەوە.


## گەڕامەوە فەرەنسا

کە گەڕامەوە فەرەنسا بە هەموو توانامەوە هەوڵمدا پەیوەندی بە خەڵکەوە بکەم، سوپاس بۆ میر کامەران بەدرخان چونکە ئەو منی ناردە لای خاتوو جۆیس بلۆ ئەویش منی بە کەسانی دیکە ناساند، ئەوکات بوو کە لە هەمان رێگەوە باڵیۆز بێرنارد دۆرانم ناسی، فڕێیان دابووە ناو کابینەیەکی بچووك لەنێو وەزارەتی پەروەردە، چونکە لە وەزارەتی دەرەوە لە کارەکەی خۆیان لادابوو، بەهۆی ئەوەی ئامادە نەبوو ئیمزا لەسەر رێککەوتنێك بکات لەگەڵ لەندەن بۆ ئەوەی لەگەڵ عێراق رێکبکەون و فڕۆکەی جەنگی پێ بفرۆشن، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بە بێرنارد دۆرانی گوتبوو:"یان ئەو رێککەوتنە ئیمزا دەکەی یان ئەوە دەرگا و بڕۆ دەرەوە". دۆران دەرگاکەی هەڵبژارد بوو.
چونکە بێرنارد دۆران لە بنەماڵەیەکی گرنگ و ناسراوی سەربازی بوو و، باوکی لە سەردەمی جەنەڕاڵ دیگۆل فەرماندە بووە لە

گاردی کۆماری و لە جەنەڕال دیگۆل نزیکبووە، بۆیە نەیانتوانیبوو هیچی لێبکەن یان فڕێی بدەنەوە ماڵ، بەڵام فڕێیان دابووە نێو کابینەیەکی بچووك، وابزانم بە ناونیشانی پسپۆڕی شتێك لە وەزارەتی پەروەردە(ئەگەر هەڵە نەبم).
بێرنارد زۆر هەوڵیدا بە میدیاکانی فەرەنسا، بەتایبەتی تەلەڤزیۆنەکانم بناسێنێ، بەڵام کەس وەڵامی ئەرێنی نەدایەوە جگە لە قەشەیەکی کاسۆلیك کە گۆڤارێکی دەردەکرد و هەروەها کتێبی چاپ دەکردن، رازیبوو کتێبەکەم بۆ چاپ بکات و بڵاویبکاتەوە. ئەوکات بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بە دەست دەردێکی گەورەوە دەیناڵاند (دەردە شۆشگێڕی)، بۆ نموونە پارتە چەپە فەرەنسییەکان دەیانگوت بارزانی کەسێکی فیوداڵە، لەو سەردەم جەلال تاڵەبانی زیاتر خۆی وەك چەپ نیشاندەدا و لەجیاتی کڵاو و جەمەدانی کلێتەیەکی وەك شۆڕشگێرەکانی کوبا لەسەر دەنا،ئەوەش بۆ چەپە فەرەنسییەکان سەرنجڕاکێشبوو و بە نزیك لە خۆیان دەزانی، ئەوە تەنیا بۆ ئەوە دەڵێم تاوەکو تێبگەین خەڵك چۆن بیری دەکردەوە و بیر دەکەنەوە،کە ئەو شتانە بە تەواوی تەنیا نمایشبوون و لە گۆرانی و شانۆ دەچوون.
ئەو قەشە کاسۆلیکە فەرەنسییە کە لە بنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتی دیار بوو، یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەکەی ئەفسەرێکی پلە باڵا بوو و یەکێکبوو لە ئەندامانی ستافی جەنەڕال دیگۆل. قەشە پێشنیازی بۆ کردم کە لەگەڵ ستافی سەربازی جەنەڕال دیگۆل کۆببمەوە، ئەوانیش ئامادەییان نیشاندابوو کە پێشوازیم بکەن و رێگەم بدەن (پڕێزنتەیشن)ێکیان بۆ بکەم سەبارەت دۆزی کورد. داوەتی ئەلیزێ (کۆشکی سەرۆکایەتی کۆماری فەرەنسا)کرام، لە شوێنی ستافی سەربازی لە هۆڵێکی گەورە و جوان،ژمارەیەکی یەکجار زۆر ئەفسەری پلە باڵای لێبوو، شەش حەفتێکیان سەرشان و سەرسنگیان پڕبوو لە ئەستێرە و نیشان و میدال، وەبیرمە پرسیاری ئەوەیان لێکردم و گوتیان جەنەڕال دیگۆل حەزدەکات بزانێت ئەگەر سوپای عێراق بەشداری شەڕ لە دژی ئیسرائیل بکات(مەبەستیان شەڕی شەش رۆژە بوو) ئایا کورد هێرش دەکەنە سەر سوپای عێراق یان شەڕ رادەگرن؟
هەست و باوەڕێکی وام بۆ دروستببوو کە کورد هەرگیز هەوڵنادەن و هێرش ناکەن، کەلك لە دەرفەتی لاوازبوونی سوپای عێراق وەرناگرن،ئەوەم پێگوتن کە کورد هەرگیز بە دوای ئەو شێوە دەرفەتانەدا ناگەڕێت، ئەوان دەیانەوێ لەڕووی سیاسییەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن، بۆچوونەکانم سەبارەت کورد راست دەرچوون.

دواتـر دکتـۆر مەحمـوود عوسـمان هاتـە پاریـس و لـە ڕێگـەی ئـەو قەشـە کاسـۆلیکەوە توانیـمان سـەفەری ئەڵمانیـا بکەیـن و لەگـەڵ ڕابەرانـی کەنیسـەی کاسـۆلیکی دابنیشـین و هـاوکاری و پاڵپشـتی بـۆ شـۆڕش پەیـدا بکەیـن.
دوای ئـەوە گەڕامـەوە سـەر تەواوکردنـی نامـەی دکتۆراکـەم، هەوڵمـدا بـۆ ماوەیەکـی کـورت بگەڕێمـەوە کوردسـتان، بـەڵام نەمتوانـی چونکە بارودۆخەکـە ناجێگیـر بـوو و هەندێـك کات شـەڕ بـوو، مـاوە مـاوەش شـەڕ رادەوەسـتا، لـە ڕێگـەی وڵاتانـی دەوروبـەری کوردسـتانیش (ئێـران و سـووریا و تورکیـا) ئاسـان نەبـوو بگەیـەوە ئـەوێ.

## کورد شۆڕشی بێدەنگ




هەڵبژاردنـی ئـەو ناونیشـانە بـۆ کتێبەکـەم پەیوەنـدی بـە نێوەڕکـی کتێبەکـەوە هەیـە، ئـەو کتێبـە لـە سـاڵی 1968 بڵاوکراوەتـەوە، لـە سـاڵی 1966 و 1967 نـووسراوە، لـەو سـەردەمەدا زۆر شۆڕشـی مێـژووی لـە ئارادابـوون، کەسـە شۆڕشـگێرەکانیش هاوارایـن بـۆ شۆڕشـەکانیان دەکـرد، بـەڵام بەبـێ کـردەوەو هەندێکجاریـش کاری نەشـیاویان دەکـرد.
ئـەوکات شۆڕشـی چیـن هەبـوو، مـاو تسـی تۆنـگ ژمارەیەکـی زۆر هونەرمەنـد و نووسـەری لـە زینـدان ئاخنـی بـوون، هەروەهـا کەسـانی دیکـەش کـە راسـت و باشـبوون، لێـرە لـە فەرەنسـا چەپـە رادیکاڵـەکان وەك خـودا یـان خوداوەنـد نزایـان لەبـەر (مـاو) دەکـرد، تەنانـەت کەسـانێك هەبـوون کراسـەکەی بەریشـیان وەك کراسـەکەی (مـاو) بـوو. لـە پاریـس لـە هەمـوو شـوێنێك دەتتوانـی ئاڵایەکـی بـە وێنـەی (مـاو) نەخشـێندراو بکـڕی، زۆر شـتی دیکـەی لـەو بابەتـەش. لـە زۆر وڵاتـدا وەك فەرەنسـا کەسـانی شۆڕشـگێڕ بـە دەنگـی بڵنـد قسـەیان سـەبارەت ئـازادی و شـتگەلێکی بـاش

دەکرد، بەڵام لە واقیعدا و لە ژیانی رۆژانەیاندا زۆر پاشڤەڕۆ و خۆپارێز بوون، بۆ نموونە هەندێکجار لە دژی مافەکانی ئافرەتان دەوەستانەوە، لە دژی هاوڕەگەزبازان و جوو دەوەستانەوە.
ئەو دەرفەتەم هەبوو کەسانێك ببینم ئەو شۆڕشانەی لە سەرتاسەری جیهان هەبوون بە خواست و حەزی خۆیان بەسەر باش و خراپ دابەشیان بکەن.
کاتێك چوومە کوردستان بۆ من جێگەی سەرنج و سەرسوڕمان بوو کە خەڵکەکەی زۆر بە توندی دەستیان بە بەها ئەخلاقییەکانەوە گرتبوو، کەسانێکم بینی زۆر بێدەنگ و ئارام بوون، لەکاتێکدا زۆرم دەبیست و دەبینی لە بۆمبابارانکردن و وێرانکاری، بەڵام کورد خۆڕاگر و بە ئارام بوون، پڕەگماتیك و راستگۆ بوون، ئازادی بۆ هەموو کەسێك هەبوو، لەو سەردەمدا ئافرەتان پەچەیان نەدەپۆشی، بەڵکو جلیان ئاڵوواڵا بوو و بە ئازادی هەڵپەڕکێیان دەکرد و لە ئاهەنگەکاندا بەشدار دەبوون.
دیسان حەزدەکەم ئەوە باس بکەمەوە هۆکاری ئەوە بزانن کە بۆچی پرسیارم لە بارزانی کرد بۆچی پەنا بۆ کردەوەی تیرۆریستی نابەن، وەك فەلەستینییەکان، بۆیە ناوی فەلەستینییەکان دەهێنم چونکە فەلەستینییەکان دەیانزانی چۆن لە رێگەی تەقاندنەوەی فڕۆکە یان رفاندنی و تیرۆرکردنی خەڵك وا لە رۆژنامەکان بکەن بەردەوام دەربارەیان بنووسن و هەموو خەڵك بیانناسێ ،بەڵام لە ئەوروپا و ئەمریکا ژمارەیەکی کەم نەبێ کەس دەربارەی کوردی نەدەنووسی.
پرسیارم لە خۆم کرد، باشە ئەوانە دۆزێکی راستیان هەیە و لەپێناو ئەو راستیەدا تێدەکۆشن، تەنیا داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن و ئازادی و یەکسانیان دەوێت، باشە بۆچی لەلایەن کەسانێکەوە کە خۆیان بە شۆڕشگێڕ دەزانن هێرشیان دەکرێتە سەر و دژایەتی دەکرێن!سەددام و حیزبی بەعس و ئەوانەی دیکەش خۆیان پێ شۆڕشگێڕ بوو.
گەیشتمە ئەو بڕوایەی ئەوەی کورد دەیکات شۆڕشێکی بێدەنگە، بێدەنگی بە واتای چۆنایەتی(کوالێتی) واتە لە پێگەیەکی زۆر بەرزەوە بزاڤ کردن، دەبینی هۆزانڤان و هونەرمەند و کەسانێکی قووڵ لە رامان کەمدوو و بێدەنگن، بۆ ئەوەی دەرفەتی گوێگرتنیان هەبێ و لە بەرامبەریان تێبگەن، بۆ ئەوەی بتوانن ئاگاداری ئەوانەی دیکە بن، بۆیە دەتوانم بڵێم بێدەنگی وەك فەلسەفەیەکی قووڵ و باوەڕێکی عەقیدەیی بەتین و باڵا، لەکاتی خواپەرستیدا دەبینی مرۆڤەکان بێدەنگ و ئارامن بۆ ئەوەی

زیاتـر لـە خـوا نزیکببنـەوە و بگەنـە حەقیقـەت، هـاوار ناکـەن و ناچـن پەنـا بـۆ بۆردوومـان و تەقاندنـەوە ببـەن.
بۆیـە لەنێـوان بێدەنگـی ڕۆژنامـەکان بەرامبـەر بـە شۆڕشـی کوردسـتان و بێدەنگـی شۆڕشـگێڕانی کـورد بڕیارمـدا ئـەو ناونیشـانەم هەڵبژێـرم.
چونکـە لـە ژیانـدا زۆر قسـە دەکەیـن، بـەڵام کـەم کار دەکەیـن لەپێنـاو ئـازادی و یەکسـانی و خۆشەویسـتیدا.
ڕێنیـە مۆریـس ڕۆژنامەنووسـی بەنێوبانگـی فەڕەنسـی یەکەمیـن و گرنگتریـن کتێبـی دەربـارەی شۆڕشـگێڕانی کـورد نووسـی (کوردسـتان یـان نەمـان)، دەربـارەی پێشـمەرگە و داسـتانی هەندریـن بـوو (لـە 1966/12/5 لـە چیـای هەندریـن هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان توانـی گەورەتریـن سـەرکەوتن بەسـەر سـوپای عێراقـدا تۆمـار بـکات، ئـەو شـەڕە پێشـمەرگەی لـە قۆناخـی بەرگرییـەوە بـردە قۆناخـی هێـرش و پاراسـتنی خـاك، لـە بەرامبـەردا سـوپای عێـراق کەوتـە دۆخـی شـکان و پاشەکشـێ و لـە ئەنجامـدا لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی 1969 ناچاربـوون شـەڕ رابگـرن و داوای گفتوگـۆ لـە مسـتەفا بارزانـی بکـەن و لـە کۆتاییـدا لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی 1970 بگەنـە ڕێککەوتـن و حکومەتـی عێـراق دان بـە مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان دابنـێ). مـن زۆر گەنـج بـووم و هەندێـك سەرشـێتیش بـووم، لەبەر خۆمـەوە گوتـم کتێبەکەی ڕێنیـە زۆر سەرنجڕاکێشـە، ڕێنیـە مۆریسـم دەناسـی چەنـدی بلێـی ڕۆژنامەنـووس و ریپۆرتێرەکـی لێـزان و زۆر باشـبوو و بەوهۆیـەوە زۆر خەڵاتـی وەرگرتبـوو و لـە زۆر شـوێن ڕێـزی لێگیـرا بـوو، بـەڵام کتێبەکـەی زیاتـر وەك ڕێـکلام بـوو بـۆ کـورد، بـە دڵنیاییـەوە خەڵـك حـەز لـەو جـۆرە کتێبانـە دەکـەن کـە باسـی چیرۆکەکانـی شـەڕ دەکـەن.
چونکـە زۆر بـە قووڵـی کەوتبوومـە ژێـر کاریگـەری چۆنایەتـی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان و بڕیارمـدا کتێبێـك بنووسـم کـە زیاتـر لێکۆڵینەوەبـێ و هەوڵـی بـە زینـدوو هێشـتنەوەی شـتەکان بـدەم، بـەڵام بەوشـێوەیە نـا کـە بەخورتـی جوانیـان بکـەم.
کـە دەسـتم بـە نووسـین کـرد و کتێبێکـی زۆر کۆنـم پەیـدا کـرد کـە باسـی کوردسـتان و کـورد دەکات، کـە لـە کولتـووری زۆر وڵاتانـدا کـورد نوێنەرایەتـی دەسـتەواژەی (قارەمـان) دەکـەن، سـوپاس بـۆ کۆنـە دەزگیرانـە ئەڵمانەکـەم کـە لـەوەوە زانیـم لـە ئەڵمانیـا منداڵان لەبـارەی کـوردەوە فێردەکرێـن.
زۆر کتێبـم پەیداکـردن کـە کـورد بـە سـکۆتلەندییەکان دەچوێنـن، هەندێکـی دیکـە وەك پاڵەوانـی ئەفسـانەیی باسـیان دەکـەن، گوتـم پێویسـتە لیکۆڵینـەوەی زیاتـر بکـەم سـەبارەت ئـەو وێناکردنـەی کـورد لـە خەیاڵـی(Imagination) جیهانـدا، دەزانـی ئێسـتاش کـە بـە

هاوڕێیەکانم دەڵێم من زۆر لە کورد نزیکم، یەکسەر بە سەرسوڕمانەوە دەڵێن:"ئەها کورد .. کورد".
ئەوە لایەنێکی باشی هەیە کە کورد پاڵەوانی پۆزەتیڤن، بەڵام لەلایەکی دیکەوە باش نییە چونکە هیچ کەس چیرۆکی تەواوی کورد نازانێ، مەبەستم لەڕووی کولتووری و دیرۆکییەوە، بێگومان کتێبە گرنگ و نایابەکەی نووسەری رووسی (نیکتن) هەیە سەبارەت کورد، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە کولتووری رۆژئاواییدا خەڵك هیچ لەوبارەوە نازانێت، بۆیە من لەوبارەوە هەندێك کارم کرد، دواتر هەوڵمدا بەشێوەیەکی سادە سەبارەت گەشتەکەم و ئەو شتانەی فێریان بووم بنووسم. عیسمەت شەریف وانلی کە هاوکاری دەکردم لە وەرگێراندا پێکەوە سەردانی زۆر گوندمان کرد و پرسیارم لە خەڵك دەکرد، کوردستان بۆ تۆ چ مانایەك دەدات؟ وەڵام و گەواهی ئەو خەڵکە سادەیە سەرنجیان رادەکێشام، ئەوان بەبێ هێستریا وەڵامیان دەدامەوە، لەڕووی ئینتەرپۆلۆژییەوە بۆم دەرکەوت کوردستان زۆر تایبەتە، کوردستان وڵاتێکی چیایی پان و بەرینە، لە چیادا زۆر سەبارەت سرووشت و ئاژەڵ فێردەبی، فێردەبی چۆن کاربکەی و خۆت بژیێنی چونکە ژیان زەحمەتە، ئەوەشم بۆ دەرکەوت کە چیانشینان شێوازی تایبەت بەخۆیان هەیە لە بیرکردنەوە، بۆم دەرکەوت چیانشینەکان لە کەسانی دیکە ئازادتر و رەسەنترن، لە ژیانی رۆژانەیاندا دەمبینی کورد لەڕووی بیرکردنەوە و ئارەزوو و کرداردا چەند رەسەنن.
لە هەندێك وردەکاری بچووکدا ئەو سیفەتانەت دەتوانی ببینی، ئافرەتان بە شێوازێکی زۆر رەسەن جلیان دەپۆشی کە رەنگاورەنگ بوون، بەڵام هەر جلێك لەوەی دیکە جیاواز بوو، پیاوەکان بۆ نموونە لە شێوەی بەستنی جەمەدانیان لە یەکدی جیادەکرانەوە، ئەوەش نیشانەی رەسەنی کەسەکان بوو.
بەبیرم دێت ئەوکات کامیرایەکی زانکۆی تۆلۆزم لابوو ژمارەیەکی یەکجار زۆر وێنەی دەموچاوی (پۆرترێت)خەڵکەکەم گرت، دەمویست لە فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکەم نیشانبدەم ئەو خەڵکە چەند رەسەنن.

## وینەکان دەژیێنەوە

دوای نـۆ سـاڵ کـە چوومـەوە پاریـس بـۆ ئـەوەی سـەرلەنوێ بـەدوای چیرۆکـی وێنەکانـدا بچمـەوە و ئەوجارەیـان تاوەکـو بـە خاوەنیـان نەکەمـەوە وازنەهێنـم، بـۆ یەکەمینجـار وێنەکانـم نیشـانی جـان مـاری پڕادیـە دان، لێـم پرسـی هەرگیـز ئـەو وێنانـەت بینیـون؟ گوتـی نەخێـر بـاوەڕ ناکـەم، پرسـیم دڵنیـای؟ گوتـی بەڵـێ دڵنیـام نەمبینیـون.
بـە بەڕێـز پرادیـەم گـوت، ئـەو وێنانـە ئەوانـەن کـە بـەر لـە نـۆ سـاڵ تـۆ پێتـداوم و گوتـت کاتـی خـۆی پێشـمەرگەیەك ئەوانـەی بـە تـۆ سـپاردوون تاوەکـو بیانهێنییـە ئەوروپـا و بڵاویـان بکەیـەوە، کـە گوێـی لـەو قسـانەم بـوو زاری بەشـببوو و دەمـی بـە یەکـدی نەدەکەوتـەوە و هـەر دەیگـوت واووو ، بەڵـێ . بەڵـێ.
پاشـان تاوێـك بێدەنگبـوو و بـە دیقەتـر لـە وێنـەکان رامـا، گوتـی amazing واتـە جـوان و سەرسـوڕهێنەرە، لێـم پرسـی چـت بەبیـر دێتـەوە؟
گوتـی:" بەبیـرم دێـت لـە ناوپـردان فۆتۆگرافەرێـك لـە دووکانێکـی زۆر هەژارانـە کاری دەکـرد، بەبیـرم دێ بەمنـی گـوت ئـەو هەمـوو وێنەیـەم گرتـووە مەبسـتم نێگەتیڤەکانـە باشـترە بیاندەمـە تـۆ و بیانبەیـە ئەوروپـا تاوەکـو خەڵـك بیانبینێـت، چونکـە مـن لـە ناوپـردان و لەنێـو ئـەو دووکانـە شـڕەم ناتوانـم ئـەو کارە بکـەم، گوتـم زۆر باشـە، وێنەکانـم لەگـەڵ خـۆم هێنـان و نێگەتیڤەکانـم پاراسـت کـە تـۆ ئێسـتا ئـەو نێگەتیڤانـە دەپارێـزی مەبەسـتم ئەوەیـە بڵێـم کـە تـۆ یـادەوەری ئـەو فۆتۆگرافـەرە هـەژارە دەپارێـزی کـە لـە بارودۆخێکـی یەکجـار خـراپ و نالەبـار و هەژارانـە کاری دەکـرد و دەژیـا، نـە ئـاو هەبـوو نـە کارەبـا، هیـچ شـتێکی نەبـوو، تەنیـا زیرەکـی و حـەزی هەبـوو.
لە بەڕێز پڕادیەم پرسی،ئیسـتا هەسـتت چۆنە کە دوای نزیکەی 54 سـاڵ ئەو وێنانە بۆ یەکەمین جار دەبینی؟
بەوشـێوەیە وەڵامـی دامـەوە:" زۆر خۆشـحاڵم کـە مـن نێگەتیڤـە (عەکسـەکان – فیلمـەکان)م پاراستووە،دڵخۆشیشـم کـە تـۆ جارێکـی دیکـە ژیانـت پـێ بەخشـینەوە،ژیانێکی نـوێ، ئەوانـە کاری فۆتۆگرافەرێکـی کـوردن،کاری کەسـێکی ئەوروپـی یـان رۆژنامەوانێکـی

ئەمەریکـی نیە،نەخێـر ئـەو وێنانـە لەلایـەن کوردێکـەوە گیـراون .... بەداخـەوە ناوەکەیـم بیـر نایێتـەوە ....".
وێنـەکان رەش و سـپین ئەوەیـان بـۆ مـن زۆر سـەرنج راکێشـە و چێـژی تایبەتیـان هەیە،کـە ئـەو چێـژە لـە وێنـەی رەنگاورەنگـدا نیە،ئەوانـە جۆرێـک لـە راسـتگۆییان تێدایـە، هێزێکـی تایبەتـی کێشـکردنیان هەیـە.
تەماشـایان بکە،وێنـەکان وەک ئـەو سـەردەم و شـۆڕشـی کوردسـتان سـادە و راستگۆن،پێشـمەرگە بـە چەکـی زۆر سـادە و سـاکار شـەڕیان دەکـرد بـەڵام دەیانبردەوە،وەبیـرم دێ ئـەو کابرایـەی (میـن)ی دروسـت دەکرد،بۆمبـە نەتەقیوەکانـی دەهێنـا و باروتەکـەی لـێ بەتـاڵ دەکـردن و جارێکـی دیکـە (میـن) لـێ دروسـت دەکردنـەوە.
کەسـانێک لەنـاو شـۆڕشـدا هەبـوون دەیانتوانـی تەنهـا لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـەوەی رادیـۆ کـۆدی برسـکە و پەیامـە نهێنیەکانـی دوژمـن بکەنـەوە.. کەسـانی زۆر زیـرەک بـوون.
لەیەکێـک لـە وێنـەکان جـان مـاری پڕادیـە کـە لێـی رامـا گوتـی وابزانـم ئـەو کەسـە دەناسـمەوە کـە تیشـێرتێکی سـپی و پانتۆڵێکـی سـپی لەبەردایـە و لەگـەڵ ژمارەیـەک سـەرکردەی شـۆڕش و چەنـد مێوانێکیانـن کـە لـەوە دەچـێ لـە بەغـداوە چووبـن، پڕادیـە گوتـی وابزانـم ئـەوە ئـەو پارێزەرەیـە کـە لـە بەغـداوە خاوەنـی کتێبخانەکـە گوتـی پێویسـتە ببینین،خاوەنـی کتێبخانەکـە باسـی ئـەوەی بـۆ کـردم کـە ئـەو پارێـزەرە زۆر جـار بـە نهێنـی گەڕاوەتـەوە کوردسـتان و هەندێکجـار جلـی ژنانـەی پۆشـیوە (بـە پێکەنینـەوە) ئـەوە فێڵێکـی زیرەکانـە و باشـی هەواڵگریـە چونکـە کـەس دەسـت لـە ئافـرەت نادا،هیچـی تێناچـی تەنهـا خـۆت دابپۆشـی و وەک ژنێکـی سـەرکزیلکی هـەژار خـۆت نیشـان بدەی،لـە خاڵەکانـی پشـکنین پۆلیسـەکان یەکسـەر دەڵێـن فەرمـوو بڕۆن.(ئـەو کەسـەی جـان مـاری پڕادیـە ئامـاژەی بـۆ دەکا نـاوی زەیـد مەحمـودە و خەڵکـی هەولێـرە رۆڵێکـی گرنگـی لـە سـەردەمی شـۆڕشـی ئەیلـول هەبـووە و جێـگای بـاوەڕی مسـتەفا بارزانـی بـووە).

■ ئەو وێنانەی بەکامێرای محەممەد عەلی حەمەد
ناسراو بە ( محەممەد فەرەح ) گیراون لەساڵانی 1964 - 1965 - 1966
کە دوای زیاتر لە 50 ساڵ دەدۆزرێنەوە.





لە راستەوە بۆ چەپ : نەناسراو، مستەفا بارزانی، تاهیر یەحیا (سەرۆك وەزیرانی عێراق)، ئیبراهیم فەیسەڵ ئەلئەنساری (فەرماندەی فەیلەقی 2) لە رانیە - 1964



مەلا مستەفا بارزانی، شێخ لەتیف حەفید، نەناسراو، ئیبراهیم ئەحمەد، عەباس ئاغای ئاکۆیان، ساڵح بەگ میران، عەلی عەبدوڵڵا - 1964



لەراستەوە بۆ چەپ : نەناسراو، نەناسراو، ئیبراهیم ئەحمەد، عەلی عەبدوڵڵا، شێخ لەتیف حەفید - 1964



لەراستەوە بۆ چەپ : عەباس ئاغای ئاکۆیان، نەناسراو، ساڵح بەگی شەقڵاوە، نەناسراو، نەناسراو، عەگید سدیق ئامێدی، نەناسراو.



عەباس ئاغای ئاکۆیان،ساڵح بەگی شەقڵاوە



پێشوازیکردن لە شاندی حکومەتی عێراق - 1966



ئیدریس بارزانی، عەلی سلێمان رواندزی، موحسین دزەیی





لەراستەوە بۆ چەپ : ئەحمەد کەمال قادر(وەزیر لە حکومەتی عەبدولڕەحمان عارف)، ئەکرەم جاف، زەید ئەحمەد عوسمان



عەلی عەبدوڵڵا، نووری شاوەیس، نەناسراو، شەوکەت ئاکرەیی، ئەحمەد کەمال قادر، زەید ئەحمەد عوسمان.



ئەحمەد کەمال قادر، زەید ئەحمەد عوسمان، نەناسراو، نەناسراو، عەلی سلێمان رواندزی، نەناسراو.



نەناسراو، عەلی عەبدوڵڵا، زەید ئەحمەد عوسمان، شەوکەت ئاکرەیی، نووری شاوەیس



عەلی سلێمان رواندزی، عەبدولڕەحمان قازی، ئەحمەد کەمال قادر، سەیدا ساڵح یوسفی.



نەناسراو، عەبدولڕەحمان قازی، ئەحمەد کەمال قادر



شێخ لەتیف مەحموود حەفید، جێگری یەکەمی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ پۆلێك لەپێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول ـ 1964



شێخ لەتیف مەحموود حەفید لەگەڵ هاوکارانی



شێخ لەتیف مەحموود حەفید لەگەڵ شاندی حکومەتی عێراق






غەنی کەرکووکی لەسەر چەکی دژە ئاسمانی 20 ملم ـ 1965



دوو پێشمەرگە لەلای چەکی دژە ئاسمانیی شۆڕش ـ 1965



غەنی کەرکووکی و پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی دژە ئاسمانی ـ 1965



پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی دژە ئاسمانی ـ 1965



فڕۆکەی ئەلیوشن کە غەنی کەرکووکی لە ناوچەی گەڵاڵە لە ساڵی 1965 خستییەخوارەوە.



پاشماوەی فڕۆکەی ئەلیوشن کە غەنی کەرکووکی لە ناوچەی گەڵاڵە لە ساڵی 1965 خستییەخوارەوە.



پاشماوەی فڕۆکەی ئەلیوشن کە غەنی کەرکووکی لە ناوچەی گەڵاڵە لە ساڵی 1965 خستییەخوارەوە.



ئەبو قەیس ( یاریدەدەری پزیشکی - پێشمەرگەی حیزبی شیوعی عێراق)، کەمال نوعمان سابت (فەرماندەی پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی عێراق)، نەناسراو، ئیبراهیم فەیلی ( وێنەگری شۆڕشی ئەیلوول).



دکتۆر حەسەن ( خەڵکی بەغدا لە ساڵی 1963 پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کرد)، پێشمەرگەیەکی حیزبی شیوعی عێراق، ئەبو قەیس.





دکتۆر حەسەن




دکتۆر حەسەن و ئەبو قەیس لەنێو بریندارانی شەڕی هەندرێن ـ 1966



بریندارانی شەڕی هەندرێن لەنەخۆشخانەی شۆڕش ـ 1966



پێشمەرگەیەکی حیزبی شیوعی عێراق - 1966



پێشمەرگەیەکی حیزبی شیوعی عێراق - 1966



ئیبراهیم فەیلی، وێنەگری شۆڕشی ئەیلوول ( 1961 ـ 1975 )



عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری، فەرماندەی هێزی باڵەك لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان



عەزیز ( ئەفسەرێکی عەرەبی شیوعی)، تاهیر ئاغا ئاکرەیی ( یەکێك لەفەرماندەکانی شۆڕشی ئەیلوول)، نەناسراو



نێوەڕاست : غەریب یوسف ئاکرەیی لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بەرپرس بوو لە گواستنەوەی پێشمەرگە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ باشووری کوردستان بەنێو خاکی باکووری کوردستاندا.



دانیشتووەکان لەراستەوە : نافیز جەلال، نەناسراو، شەکیب ئاکرەیی، نەناسراو، یوسف میران، عەلی شنگاری.



شەریف عەبدوڵڵا ئاکرەیی، پێشمەرگەی بارەگای بارزانی



کۆزە ئەسپیندار کە بوونەتە قوربانی بۆمبێکی ناپاڵمی سوپای عێراق



کۆزە ئەسپیندار کە بوونەتە قوربانی بۆمبێکی ناپاڵمی سوپای عێراق



کۆزە ئەسپیندار کە بوونەتە قوربانی بۆمبێکی ناپاڵمی سوپای عێراق



شوێنەواری بۆمبی ناپاڵمی سوپای عێراق



کۆزە ئەسپیندار کە بوونەتە قوربانی بۆمبێکی ناپاڵمی سوپای عێراق



شوێنەواری بۆمبی ناپاڵمی سوپای عێراق



پردی چۆمان لەدوای بۆردوومانکردنی لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی عێراقەوە



پردی چۆمان لەدوای بۆردوومانکردنی لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی عێراقەوە



پردی چۆمان لەدوای بۆردوومانکردنی لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی عێراقەوە




پردی چۆمان لەدوای بۆردوومانکردنی لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی عێراقەوە




پردی چۆمان لەدوای بۆردوومانکردنی لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی عێراقەوە



پردی چۆمان لەدوای بۆردوومانکردنی لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی عێراقەوە



پردی چۆمان لەدوای بۆردوومانکردنی لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی عێراقەوە



پردی چۆمان لەدوای بۆردوومانکردنی لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی عێراقەوە



چاککردنەوەی پردی چۆمان دوای رووخانی بەهۆی بۆردوومانکردنی فڕۆکەکانی سوپای عێراقەوە



پێشمەرگەیەکی شۆڕشی ئەیلوول





دوای بۆردوومانی فڕۆکەکانی عێراق







لەسەردەمی شۆڕش، گوندنشینان لەترسی بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکان بەردەوام خەریکی ماڵ گواستنەوە بوون







ژیانی گوند













دوای بۆردوومانی فڕۆکەکانی عێراق






























دوای بۆردوومان















پاشماوەکانی تێکشکانی سوپای عێراق







کۆبوونەوەی جەماوەری بۆ ئاگاداربوون لە بارودۆخی شۆڕش



کۆبوونەوەی جەماوەری بۆ ئاگاداربوون لە بارودۆخی شۆڕش









پاشماوەی بۆردوومان
























































پاشماوەی ساچمەکانی بۆردوومان


پاشماوەی ساچمەکانی بۆردوومان











پاشماوەی بۆردوومان













پاشماوەی بۆردوومان





پاشماوەی بۆردوومان






- فۆتۆگرافەر محەممەد عەلی حەمەد
ناسراو بە محەممەد فەرەح ( 1937 - 1993 )




فۆتۆگرافەر محەممەد عەلی حەمەد ( محەممەد فەرەج)



محەممەد عەلی حەمەد لەگەڵ ژیانی کچی - هەولێر 1963



محەممەد عەلی حەمەد لەگەڵ ئامینە خدری هاوژینی - ناوپردان 1965




محەممەد عەلی حەمەد - تەیراوە / هەولێر




محەممەد عەلی حەمەد - هەولێر



محەممەد عەلی حەمەد



محەممەد عەلی حەمەد



فۆتۆگرافەر محەممەد عەلی حەمەد لە ساڵی 1993، ماوەیەکی کەم بەر لە کۆچیدوایی



Rudaw Media Network